# هەڵکرانی ئاڵای حکوومەتی میللی کوردستان لە بۆکان

## ڕاپۆرت و وێنە

پێشتر لە بەشی 99، 112 و 194ی ئەم ووتارانەدا هەواڵی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە بۆکانم بەکورتی ڕاگەیاندووە. وا ڕێزدار حەسەنی قازی لە وێبلاگێکدا بەناوی "وێنەی کۆماری کوردستان" سەرجەمی هەواڵەکەی لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان چاپی مەهاباد ڕاگواستووە و وێنەیەکیشی هاوپێچی ووتارەکە کردووە کە ڕێ ورەسمی هەڵکرانی ئاڵامان پیشان دەدات. وێنەکە لە بەری حەوزەگەورە واتە لە باشووری قەڵاوە هەڵگیراوەوە و کۆمەڵانی خەڵکی بۆکان دەردەخات کە لە سێ ڕیزی جیاواز لە سەر قەڵای سەردار و لە دەوری ئاڵای کوردستان وەستاون.

ئاڵای کوردستان لە وێنەکەدا بەشەکاوەیی دەرکەوتووە و بەو حیسابە وێدەچێت وێنەکە لە نێوان سەعات 8 ی بەیانی و1ی پاش نیوەڕوی ڕۆژی هەینی 7 ی مانگی بەفرانباری ساڵی 1324 کە دەکاتە 1945/12/28 ی زایینی هەڵگیرابێت. ئەوەش بەگوێرەی هەواڵی ڕاگەیێنراوی ڕۆژنامەکە، کە دەڵێ ڕێ ورەسمەکە لە سەعات 8 ی بەیانی دەستی پێکردووە و سەعات 1 ی دوای نیوەڕۆ کۆتایی پێ هاتووە. بەرنامەی جەژنەکە قاسم ئاغای ئێلخانی زادە (موهتەدی) رایگەیاندووە و پاشان نەمر حاجی بابەشێخی سەیادەت ووتاری داوە ئینجا ئاڵاکەی بەدەستی خۆی هەڵکردوە. ئەگەر بەرنامە خوێندنەوەی قاسم ئاغا و ووتاردانی حاجی بابەشێخ نیوسەعاتێکیان خایاندبێت، سەعاتی هەڵگیرانی وێنەکە دەکاتە نێوان 8 و نیوی بەیانی تا 1 ی دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە.

بە داخەوە ڕوخساری کەسەکان لە وێنەکەدا ڕوون نییە و ناناسرێنەوە، بەڵام ئەو کەسەی وا لە دەستەچەپی ئاڵاکە ڕاوەستاوە، بەگوێرەی هەواڵەکە، دەبێ حاجی بایزاغای ئێلخانی ومەزنی بەرەی موهتەدی لە ئاغاکانی بۆکان بێت. وێنەی ئاڵاکەش بە ڕوونی دیار نییە و نازانرێت چ نەقشێکی لەسەرە بەڵام ئەوەی ئاشکرابێت ئەوەیە لە ناوەڕاستیدا نەقشێک هەیە.

کێ وێنەکەی هەڵگرتووە؟ ئەوە بۆ من ئاشکرا نییە بەڵام دووری نازانم کاری نەمر سمایل خانی فەڕروخی بێت لە لەو سەردەمانەدا بۆ ماوەیەک ماڵی لەتەورێز بوو و لەوێ دووکانی وێنەگریی کردبووەوە. دەگوترێت بەشێک لەو وێنانەی ڕێبەرانی کورد کە لەتەورێز کێشراون، کاری ئەو بن.

کاک حەسەنی قازی کەڵکی لە ڕاگەیاندنێکی گۆڤاری هەلاڵە چاپی بۆکان وەرگرتووە وگوتوویەتی نووسەری ئەم هەواڵەی ڕۆژنامەی کوردستان نەمر حەسەنی قزڵجی بووە. من گومانێکم لەڕاست بوونی بۆچوونەکەیدا نییە.

کووتاڵێکی سپی لە قاتی ژێرەوەتری ئەو شوێنەی وا ئاڵاکەی لێ هەڵکراوە دەبینرێت. بە بۆچوونی من ئەوە دەبێ "لافیتە" و نووسراوەیەک بووبێت کە بەو بۆنەیەوە لە شوێنەکە بەرز کرابێتەوە، بەڵام هیچی ناخوێنرێتەوە.

ئەوە ووتاری کاک حەسەن و هەواڵی ڕۆژنامەکە لە سەر ڕووپەڕی وێبلاگی "ووێنەی کۆماری کوردستان":

http://weneykk.blogspot.com/2011/01/blog-post_30.html

ئەوەش هەمان هەواڵ و هەمان ووتار بە پیتی لاتینی لە سەر هەمان وێبلاگ کە کاک حەسەن ئامادەی کردووە. لێرەدا وێنەی ڕێ ورەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و سان و ڕێژەی بەردەم پێشەوا قازی محەممەد و نەمر بارزانی و ڕێبەرانی دیکەی کۆمار لە مەهابادیش دەبینین. وێنەکە گەلێک ڕوون و جوانە وکەسایەتییەکانی بەباشی تێدا دەناسرێنەوە:

http://wkomarik.blogspot.com/